# هەرکەسێک پارێزگاری بکات لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ وچوار ڕکات لە پاشی؛ ئەوا خوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر دۆزەخ

لە دایکی حەبیبەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک پارێزگاری بکات لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ وچوار ڕکاتی سونەت لە پاشی؛ ئەوا خوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر دۆزەخ».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - تورموزی گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

واتای فەرموودەکە: (هەرکەسێک پارێزگاری بکات لە ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت لە پێش نوێژی نیوەڕۆ): واتا بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانیان وکۆشش بکات بۆ ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت پێش نوێژی نیوەڕۆ. (وچوار ڕکاتی سونەت لە پاشی): واتا بەردەوام بێت لەسەر ئەنجامدانیان وکۆشش بکات بۆ ئەنجامدانی چوار ڕکاتی سونەت لە پاش نوێژی نیوەڕۆ. (ئەوا خوای گەورە حەرامی دەکات لەسەر دۆزەخ): ئەمە پاداشتی ئەم کەسەیە کە پارێزگاری دەکات لە ئەنجامدانی ئەم نوێژە سونەتانە بەوەی خوای گەورە -سبحانه وتعالى- قەدەغەی چوونە دۆزەخی پێدەبەخشێت، ولە گێڕانەوەیەکدا: (حَرَّم الله لحَمه على النَّار) واتە: (خوای گەورە گۆشی حەرام دەکات لەسەر دۆزەخ)، ولە گێڕانەوەیەکی تردا: (لم تَمَسَّه النَّار) واتە: (دۆزەخ بەری ناکەوێت -واتا: پێستی ئاگری دۆزەخ لێی نادات-). ئەم فەرموودەیەی کە ئوم حەبیبە -دایکی حەبیبە- دەیگێڕێتەوە -ڕەزای خوای لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئاگری دۆزەخ نزیک نابێتەوە وحەرام دەکرێت لەسەر ئەو کەسەی پارێزگاری لە ئەنجامدانی چوار ڕکات سونەت بکات لە پێش وپاشی نوێژی نیوەڕۆ، پاش ئەوەی بە فەزڵی خوای گەورە قەدەغەی چوونە دۆزەخی پێبەخشرا.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee